# ئەنفاڵی 8

تۆ گوتت سورەتی هەشت

لە قورئاندا ناوی ئەنفاڵە

ئەوا ئێستا

ئەنفاڵی هەشت

دوا قۆناغە  لە ناوچەکەی

بادینانە

هەر لەو کاتەدا

سۆران و گەرمیان بۆ بادینان

کەوتنە گریان

ئەمجارەیان ئەنفاڵی خودا

تۆڵەی گاوربوونی پێبەخشین و

بادینانیش بۆیان گریا

لە ئەنجامدا بوومە کۆی

سەدوهەشتامرۆڤ.

سورەتی یەک هەتا هەشتەم

لە قورئان بێت یا لە ئینجیل

ناوی ئەنفاڵ بێت یا حوشتر

ئەشکەوت بێ یا مێروولە

ژن بێت یا چێڵ

رۆژ بێ یا بەرد

بۆمن هەر یەک مانای هەیە

ئەویش

تێکشانی ئالآی عێراق و

نەخشەی عێراق و

دەستووری عێراقە.

فەهد گردەوانی 2005/8/28

ستۆکهۆلم / سوید